


# جێیەک بۆ مردن

محەمەدفەریق حەسەن
(دانیمارک)

کولەیب، شەپە شەپ بە جووتێک سۆل و خاولییەکی سوورەوە خۆی بە گەرماوی ماڵەکەیدا کرد. منی بەو زامە سەختەوە لە ژووری نووستن جێ هێشت. هەڵدەلەرزیم و بە پشووی سوارەوە وەک بە چیای شنگالدا هەڵزنابم، ئیستێکم کرد. چوومە بەر ئاوێنەکە. من ئیتر کچە زرنگ و زیتەکەی دوێنێ نیم. من لە ئێستا بەدواوە مرۆڤێکی نوقسانم. من (ئاواز)ـەکەی هەفتەیەک لەمەوبەریش نیم کە دایکم بە ئاواز گیان و براکانم بە دادە ئاواز و بابم بە کچی شیرینم ئاواز، بانگیان دەکردم. من ئێستا هیچم، هیچ.. من سفرم. بۆچی وام بەسەرهات؟ خۆ من بە ڕەنگ و ڕوو کیژۆڵەیەکی سپیکەلە بووم، کەچی ئێستا، دەڵێی تەواوی خوێنی جەستەم ڕژاوەتە ڕوخسارمەوە. ڕووم دەڵێی چەوەنەرە سوور هەڵگەڕاوە. وەک دوو پرۆجەکتەری سوور و زەرد بە ئاراستەی ڕوخسارم هەڵبوون. تاڵە خورماییەکانی پرچی شێواویشم، ناچنەوە جێی خۆیان! لە زێدی خۆم، وەختێ لە خەو ڕادەبووم، یەکەم کارم داهێنانی پرچم بوو. هەموو سینگیشم بەدەرەوەیە. کراسە مۆرەکەم تا دامێن هەڵتلیشاوە. گەردنی مەیلەو زەردم بووە بە پەڵەی شینی خوێنتێزاو. من وێران بووم، وێران. بە هەموو دەنگم قیژاندم:

– هۆ دایە، ئەوە بۆ دەنگت نایە؟ تۆ لە کوێی؟ هەر ئێستا بگەرە فریام!

ماڵەکە پڕبوو لە قریشکەی گریاوی من. لێ مخابن، ئەو قریشکەیە، ئەو هاوارە، هێندەی گارکەی مریشکێک دەنگدانەوەی نەبوو. لە ئێزیدخان بوومایە، گەڕەکە ماڵێک بەسەرمدا دادەبارین. خۆ دیارە (کولەیب)یش گوێی لەو هاوارە تووڕە و زامدارەی من نەبوو. کولەیب خەریکە وسڵی

خۆی دەردەکات. پێی وایە بەو وسڵدەرکردنە جەستە و دەروونی لە خەوش پاک دەبنەوە. نا بە خودێ، کولەیب دیجلە و فوراتیش بەسەر خۆیدا بکات پاک نابێتەوە. ئەو بۆ هەتا هەتا کچۆڵەیەکی لەکەدار و زامداری دەروون کرد. ئەو زامەی دەروونی من، بە هەتوانی دەرمانسازانی دنیا ساڕێژ نابێت. کولەیب لەبەر شڵپوهووڕ گوێی لە هاواری من نەبوو.

کاتێ کولەیب زانی بە ویستی خۆم ڕادەستی نابم، بەزۆر دەستی گرتم. کراسە مۆرەکەی لە بەرمدا دڕاند و تیژایی قەمە دەسک ڕەشەکەی نایە سەر گەردنم و من دەلەرزیم.

- خۆت بە دەستەوە نەدەیت سەرت دەبڕم!

من قەت نابمەوە بە ئاواز-ەکەی جاران. ریشە ڕەشە زبرەکەی کولەیب بەر نێوچاوان و گەردن و سینگم دەکەوت. چەندم کۆشا ئەو چەتەوڵەم بۆ زەوت نەکرا. من لە ژێر ئەو فیلە زەلامە چڵکنەوە پەلەقاژەم بوو. ئەوەتا، هێشتا جێدەمی قەمەکەی بە گەردنمەوە دیارە. ملوانکە سوورە دەنک وردەکەشم، میناکی دڵۆپەکانی خوێنی ڕژاوی کچێنیم، هەر دەنکەی پەڕیوەتە گۆشەیەکی ئەم ژوورە، کە بۆ من بۆتە زیندان و ئەتکخانە. بە چ دڵێکەوە دانە بە دانەی ئەو مووروانە کۆ بکەمەوە. بیانهۆنمەوە و بیکەمەوە ملم. خۆ من چیتر کچ نیم تا کچێنیی پێوە بکەم و خۆمی پێوە ڕانێم. من کچێنم دۆڕاند. کچێنی یەک جار دەدۆڕێت. نا بە خودێ، گەردنی من چیتر شایانی ئەو ملوانکە دەنک یاقووتییە نییە. من بە زمانەکەی خۆی تکای خوێنێکم کرد:

- خاتر ئەڵڵا کولەیب دەست بۆ شەرەفم مەبە تۆیش دایک و خوشکت هەیە!

(کولەیب)یش وەک سەگ، لیک لە دەمی دەچۆڕا. لێی دووبارە دەکردمەوە:

- تۆ کەنیزەی منی. تۆ غەنیمەی. تۆ موڵکی منی، هەرچیت لێ بکەم مافی خۆمە!

سەرەتا پەلاماری سەرپۆشە سپییەکەی سەر و گەردنی دام و تووڕی هەڵدا. ئەوجا چنگی بە پرچمدا کرد. چەپکێک قژی خورمایی لە نێوان پەنجەکانییەوە هەڵوەری.. بەو دەستەی کە هێندەی دەمە خاکەنازێکە، زللەیەکی سرەواندە بناگوێم. ئاگر لە چاوم بووەوە و کاسی کردم. دیسان لێی پاڕامەوە:

- دەست بۆ ئابڕووم مەبە ئەی پیاوی نەناس!

گوێی لێ نەگرتم و بە خورتی کاری خۆی کرد.

* * *

بە سەری ڕووت و پێی پەتی دەرپەڕیمە حەوشە. سورگیی دەرگە دوو تاکییەکەی دەرێم ڕاکێشا. دەرگەم واڵا کرد. هەتا هێزم تێدا بوو، تاکی دەرگە پلێتییەکەم بە شوێن خۆمدا ڕاکێشا و بۆی دەرچووم. پیرە دەرگە هێندەی تۆپێک دەنگی هات. نە کولەیب لە گەرماو دەرپەڕی، تا بزانێ چی ڕووی داوە، نە یەکێک لەو گەڕەکە دەرگەی ماڵی قڵیشاندەوە. کولەیب خەریکی وسڵ دەرکردنی خۆی بوو. ئەو ئێستا کەیفی سازە. سواری کەنیزەیەکی ئێزیدی بووە و خۆی پاک دەکاتەوە. کۆڵان تەنیا دوو منداڵی نێرینەی لێ بوو. هەر کە بە باڵامدا هەڵیانڕوانی، پێیان پێوەنا. منیش بە پێی پەتی و سەر و سینەی ڕووتەوە، کەوتمە سەر ڕاستە جادەکان. ژنان بە عەبای ڕەشەوە، وەک بوونەوەری خورافیی فووتێکراو دەجووڵان و زرتەی چاویان دەهات. پیاوی چاو بزی سابرێنە ریشەی مێزەر ڕەش، وەک مژووڵی کاری گرینگ بن، دەهاتن و دەچوون. لە هەناسەیەکدا، لە چەند مزگەوتێکەوە بانگ درا. منیش گا بەسەر پیادەڕەو، گا بە نێوان عەرەبانەی تەڕەفرۆش و بە پێشی ڕیزە دووکانەکاندا هەڵدێم. من دەزانم بۆچی هەڵدێم. وەلێ نازانم بۆ کوێ هەڵبێم. من شارەزای ئەم شارۆکەیە نیم. من ئێستا

کیژێکی پێخاوسی سەر ڕووتی سینە ڕووتی ئەتککراوم. وام لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا. دەزانم دەرکەوتنم بەم شێوەیە شەرماوەر و جێی سەرنجە. لە پێش هەموویانەوە جێی سەرنجی ژنانی ئەم شارەیە. مەفرەزیەک پۆلیس لە پێشمەوە بوو. چنگ لەسەر شان دام بە تەکیاندا. هەر کە منیان بە سەری ڕووت و پێی پەتی بینی، بێ منەت لە سام و شکۆی دەوڵەتی خەلافەت کەوتوومەتە سەر جادە، وەک شارە زەردەواڵە ورووژان و ئاڵۆسکان. بە یەکدا هاتن و تێیان خوڕیم:

– لەجێی خۆت بوەستە هەی زەعیفەی ئاخرشەڕ!

– خەلیفەکەت زەعیفەیە و ئاخرشەڕیشە!

وەهام پێ گوتن و نەوەستام. باوەڕناکەم گوێیان لێم بووبێ. گوڕم خواردەوە و خێراتر غارم دا. وزەیەکی لەبننەهاتوو ڕژابووە جەستەم، وەستانم نەبوو. برووسکەیی سەرم هەڵبڕی، بە ئاسمانی بان سەرمەوە کۆترێکی سپی دەفڕی. لە زەمینیشەوە پۆلیس بە ڕیشی درێژ، سەڵتەی ڕەش، کەوای بێجی، کالەی خاکی و تفەنگی دەستیانەوە شوێنم کەوتوون. هەرچی دەبێی بلا ببێی. بەلایەک لەوە خراپتر ڕوونادات کە لە من ڕووی داوە. هیچ کالایەک لە گەوهەری کچێنی گرانبەهاتر نییە. من بە کولەیب-م دۆڕاند. باکم لە کوشتن نییە. خۆ منیش لەبەر هەندێ کەوتوومەتە سەر جادە. بکوژرێم و دەسگیر نەکرێم. سەدان جووت چاوی ڕەش سەیرم دەکەن. گوێم لە تەپەی پێی پۆلیسە شوێنم کەوتوون لەسەر یەک تێم دەخوڕن. حەدیان چییە من بۆیان بوەستم، گووی چی سەگی ئێزیدخان هەیە بە شەرەفی هەموویان. لە پێچێکدا خۆم لە پۆلیسەکان ون کرد، چیتر گوێم لە تەپەی پێ و چەقەچەقیان نەما. سەرم بەرەو ئاسمان هەڵبڕێ، جووتێک کۆتری سپی بەئاسمانەوە بوون. ئەوانیش ڕێک بە ئاراستەی هەڵاتنی من دەفڕین.

لێرەوە گردێکم لێ دیارە. دەیکەم بە ئامانجی خۆم. دەستەیەک ژنی عەبابەسەر دەستیان لە قۆڵی عەباکانیانەوە دەرهێناوە، یەکی دار حەیزەرانێک بە دەستەوە. لە ئێزیدخان بۆیان باس کردبووم، ئەو ژنانە بۆ لێپێچینەوە لە ئافرەتی سەرپێچیکەر هەڵخڕێنراون. چارم نەبوو. هەر دەبوو بدەم بە تەکیاندا. ئەو ژنانە وەک مایینی حندێری لێ بەستراو تەنیا پێش خۆیان دەبینن. پێڵاوی ڕەش و گۆرەوی ڕەشیان لە پێدایە. یەکێکیان، بە نەفرەت بێت، حەیزەرانەکەی بۆ داهێنامەوە، بەر گازەرای پشتم کەوت. ژان چووە پەڕەی دڵم. لەگەڵ ئەوەشدا چەند تێیان خوڕیم نەوەستام. ئەو ژنانە، هەر شەش حەوتیان دوام کەوتوون و لێم نابنەوە. ڕەوتی هاتوچۆی خەڵکی سەر پیادەڕەوەکە تێک چوو. چوومە سەر شەقامەکە و بلەز غارم دەدا. خۆشم نازانم ئەو هەموو هێزەم لە کوێوە تێ دەڕژا. بە نێوان ئۆتۆمۆبیل و مۆتۆڕسایکلەکاندا هەڵدەهاتم. ئۆتۆمۆبیل دەوەستان. دەنگی خشانی تایەکانیان دەهات و هۆڕنیان لێ دەدا، لام دایە کەناری ڕێ و بە ناچاری خۆم بە عەرەبانەیەکی سەوزەدا کێشا. بزمارێک لایەکی تری کراسە دڕاوەکەی هەڵتلێشاندم و عەرەبانەکەیش قلپ بووەوە. باینجان، دەسکە سلق، کەوەر و توور ڕژانە سەر جادەکە. منیش وەک زریان هەڵدەهاتم. من باریکەلە و ئەو ژنانەی سەریان لەدوو نابووم، خڕپلانە، بە لۆقی مندا نەدەگەیشتنەوە. دەزانم بمگرن ڕێ و ڕێ دەمبەنەوە بۆ کولەیب. ئەویش یەکسەر سوارم دەبێت و وسڵی خۆی دەردەکات. ڕەنگە بەر لەوەی سوارم ببێت، ڕاست و چەپ لێم بوەستێتەوە و چەند زللەیەکیشم تێسرەوێنێت. بمرم، بەلام نەچمەوە بندەسی کولەیب. کەس نازانێ لە کام گۆشەی دنیاوە گەیشتە ئێزیدخانی جوان، تا بیلەوتێنێت. پالم بە عەرەبانەیەکەوە

نا. بوو بەربەست لەپێش مەفرەزەی ژنە ڕەوشتپارێزەکاندا، کە عەبا ڕەشەکانیان هەوایان تێچووبوو. خۆم لەوانیش گوم کرد و گەیشتمە دامێنی گردەکە. سێ کۆتری سپی بێ وچان بە ئاسمانی بان گردەکەوە دەسووڕانەوە. گردێکی ڕووتی بێ سەوزایی. زۆری نەخایاند سەرکەوتمە تەوقەنەی گردەکە. هەناسەم سوار و دڵۆپەی ئارەقە بە ڕوومەت و سینەمدا ڕێچکەیان بەستبوو. تینوێتی لە هەمووی خراپتر. ئەگەر لەمە تینووتر بم لەپەلوپۆ دەکەوم و کارەکەم بۆ جێبەجێ ناکرێت.

* * *

ئەم گردە بۆ ئەو کارەی من دەست نادات. دەردی گرانی من دەرمان ناکات. لە خواری خوارەوەی ڕیزێک ماڵ هەیە. ئەگەر لێرەوە خۆم هەڵدێرا، دڕک و داڵ تێم دەئاڵێت. ڕوخسارم خۆڵاوی دەبێت. ڕەنگە دەستێکم بشکێت و کراسە هەڵتلیشاوەکەم پڕوپووشاوی ببێت. خۆڵ و زیخ هەتا بێخی پرچە ئاڵۆسکاوە شێتانەکەم بچێت و دڕکوداڵ لە جەستەم بچەقن. کەوتمە سەر هەر بانێک، یان کۆڵانێک، لە هۆش خۆم دەچم و بێ ئاگا دەمێنم، جا ئەوسا، ڕەنگە خێرەومەندێک بمهاوێتە خانەی دواوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی و بمگەیەنێتە تیمارخانە. لەوێ تیمارم بکەن و بێمەوە هۆش خۆم. پۆلیسم لێ ئاگادار بکەن. گڕگڕ بکەومەوە ژێر چنگی کولەیب. کەوابوو وا باشترە لە کوێوە بەم گردەدا سەرکەوتم هەر لەوێشەوە دادەگەڕێم.

بەدەم داگەڕانەوە چەند جارێک کەوتم و هەڵسامەوە. بە نیگەرانییەوە لە زەنگی ماڵێکم دا. ژنێک دەرگەی لێ کردمەوە، کاتێ قەڵافەت و ڕوخسار و پۆشاکمی بینی، هەناسەیەکی بیستراوی هەڵکێشا و دوو هەنگاو کشایەوە.

– سڵ مەبە و مەشڵەژێ خاتوون، ئاوتان هەیە بۆ مرۆڤی تینوو؟

چەندم توانی هێمن ئەو چەند قسەیەم درکاند. ئەویش بڕێک ئاسایی بووەوە، گوتی:

– وەی بەسەر هەردوو دیدەم!

هەر ئەو پشتپێی هەڵکرد. من خۆم دایە پەنا، ترسام ماڵەکە پیاوی لە جۆری (کولەیب)ی تێدا بێت، ڕیسەکەم لێ بکاتەوە بە خوری. ژنەی بە سەروسیما، بە سوراحییەک ئاو و پەرداخێکەوە لە ماڵ دەرهات:

– وامزانی ڕۆیشتووی، فەرموو وەرە ماڵەوە. پشوویەک بدە من هەر خۆمم....

– ماڵت ئاوا بێت. من کاری گرنگم هەیە!

– ئەی برسیت نییە؟

وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوە. سوراحییەکەم لێ وەرگرت و پەرداخەکە لای ئەو مایەوە. نام بە سەرمەوە. بەدەم ئاوخواردنەوەوە پۆلێک کۆتری سپیم بینی بە ئاسمانی بان ماڵەکدا دەسووڕانەوە. سوراحییەکەم دایەوە دەست خاتوونەکە. پشتم تێ کرد و پێم هەڵگرت. بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە دەستی ڕاستم بۆ بڵند کرد و چەند جارێکیش ڕامووەشاند.

* * *

لەم گەڕەکە تاکوتەرای خەڵک بەدەرەوەن. دەستم بە ڕاکردن کردەوە. کراسە دڕاوەکەم لێ بووە بە شاباڵ. ئەگەر لەمە خێراتر هەڵێم، دوور نییە بفڕم. هەستم کرد کێشم دابەزیوە. پێی چەپیشم ئازاری دەدام. دەبێت بوەستم و مشووری بخۆم. وەستام. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. سەرنجی دەوروبەرم دا. پۆلیسی دەوڵەتی خەلافەتم نەدی. پۆلیسی شەرواڵ کورتی مێزەربەسەری سابرێنە ڕیشە. سووکێ لە جێی خۆم دانیشتم. بنی پێم خوێنی دەدەڵاند. پەنجەکانی پێی چەپم لە خوێندا سوور دەچوونەوە. پەنجەم بەر چقڵێک کەوت. توند نینۆکی پەنجەکەڵە و پەنجەی ئاماژەم لێ گیر کرد. چاوم نووقاند، بەخێرایی لە بنی پێم دەرهێنا، هاوارم کرد:

– ئەی خودێی دلۆڤان! بۆ خاتری شێخ ئادی بگەرە فریای کیژانی ئێزیدی. فریای منیش بکەوە، من لە تەنگانەدام!

پێ خوێناوییەکەم تەخت نایە بان زەوی. زۆر دڵم بە خۆم سووتا. وەلێ نەگریام. ئەم خوێنەی ئێستا لەبەرم دەڕوات گرینگ نییە. من خوێنی ئاوەڵکراسەکەم هەراسانی کردووم. ئەو ڕەنگە سوورەی قەت ناچێتەوە. دەزانم من لەسەر خۆم نیم. بۆچی وا زوو لە کولەیب هەڵاتم؟ خۆ من دەمتوانی بە قەمەکەی خۆیەوە بچمە سەری بۆ ناو حەمامەکە و هەتا هێزم تێدایە بیکەم بە سەر دڵیدا، ئەگەرچی بەو کارە کچێنیشم بۆ ناگەڕێتەوە. وەک دایکم دەیگوت: هەموو کاتێک ئەقڵ میوان نییە.

ڕاست بوومەوە. دەیان کۆتری سپی لەم ئاستە بە ئاسمانەوەن و سەرم لێیان سوڕماوە. بە چوار کەناردا دەڕوانم و چاوم ورد دەکەمەوە. جموجووڵی گوماناوی بەدی ناکەم. نە پۆلیسی تفەنگ بە شانی سەڵتە لەبەری کراس و شەرواڵ کورت دەبینم، نە ژنی عەبا بەسەری حەیزەران بەدەست، لەوانەی کە تەنیا کونی چاویان بەدەرەوەیە. بە شەلە شەل چەند هەنگاوێکم نا. من ئێستا نەشارەزا نزیک جادەیەکی جەنجاڵم. هەستی پێ دەکەم، گۆڕانێکی گرنگ لە جەستەمدا چێ بووە. پێدەچێ لە جێیەکی نادیارەوە هێزم تێڕژابێت. پێم هەڵگرت. یەک بە خۆم غارم دا. هیچ هەستم بە ئازاری پێم نەکرد. گەیشتمە سەر ڕێگەیەکی گشتیی دوو ساید. لە کەناری ڕێ لەسەر بەردێک هەڵتروشکام و بیر لە جێبەجێکردنی پلانەکەم دەکەمەوە. قەمەرە، پیکاب، مۆتۆڕسایکل، تەنکەری نەوت، بارهەڵگری گەورە گەورە، دوو ڕیز بەرەو ناو شار داژۆن. لە سایدەکەی تریشەوە دوو ڕیز بۆ دەرێی شار.

لەم جێیە لەبارترم دەست ناکەوێت. ڕابووم. چوومە قەراغی جادەکە. پێیەک لە دوا پێیەک لە پێش، بڕێک خۆم چەماندەوە. خۆم بۆ ڕاکردنی سەد مەتری بەرەو چەقی جادە جەنجاڵەکە ئامادە کرد. ڕاکردن بە خێراییەکی ئەوتۆ، بۆ شوفێر چاوەڕواننەکراو و کوتوپڕ بێت. دوای قەومانی ڕووداوەکە، ئەوجا بە خۆی بزانێت. «خەمت نەبێ کچی شیرینم بۆ ساڵی خوێندنی نوێ هەموو پێویستییەکانت بۆ پەیدا دەکەم. باوکیشت بە دڵی تۆ دەکات، جا ئێمە چەند کچمان هەیە. تۆ تاقانە کچی دایە و بابەی. جلوبەرگ و کەلوپەلی وات بۆ دەکڕم شایانی پۆلی دە بێت. تۆ کچە خانومانە دانسقەکەی ئێمەی. جوانترین پێڵاو و...» وا تانکەرێک واوە هات. ویستم وەک تیری لە کەوان دەرچوو، دەرچم و لەو هەناسەیەدا پەشیمان بوومەوە. لەو چرکەساتەدا پێم وابوو، کە شوفێری تانکەرەکە پێدەزانێ و لە جێی خۆی وشک دەوەستێ. منیش لە ڕاکردن بەردەوام دەبم، ئەوجا قەمەرەیەک بەوپەڕی خێرایی واوە دێت، زرمەیەک دێت هێندەی تۆپێک. ئەوە زرمەی بەریەککەوتنی جەستەی من و پێشی قەمەرەکەیە. دەسبەجێ لاقێکم دەشکێنێت و دەپەڕمە کەناری جادەکە. وڕوگێژ ڕەهێڵ دەبم. شوفێری شپرزە و لێ قەوماو، بە چەپۆک بەسەری خۆیدا دەدات و قەمەرەکەی دەوەستێنێت. دادەبەزێ و باوەشم پێدا دەکات. دەیان ئۆتۆمۆبیل بەشوێن یەکدا دەوەستن. شوفێرەکان پیادە دەبن و لە دەورم خڕ دەبنەوە. مەبەستیانە بزانن قوربانییەکە کێیە؟ ڕەنگ و ڕووی چۆنە؟ بۆچی پیاوی لەگەڵدا نییە؟ چ پاڵنەرێک کچۆڵەیەکی تەنیای گەیاندووەتە ئەم ڕۆژە ڕەشە؟ من هەر خۆم پێخاوسم. ڕەنگە ئەوان وا بزانن پێڵاوەکانم پەڕیون. منیش زمانم بەستراوە و قسەم بۆ ناکرێت. شوفێری قەمەرەکە لە ترسانا وەک بیی

ناو ئاو دەلەرزێت. لەوەدایە زنووقی بچێت و دڵی بوەستێت، گوایە کەتنی داوە. لە حاڵێکدا من کەتنەکەم داوە. بەدەم ئازاری سەختەوە دێمەوە هۆش خۆم. بە دەست ئاماژەی بۆ دەکەم: (لێرە جێم بهێڵە و هەقت نەبێ. ئەم جێیە بۆ من زۆر گونجاوە!) من بەڕاستمە و ئەو وا دەزانێت بەدەم ئازارەوە وڕێنە دەکەم، شوفێرەکانی تر بە خێرایی دێنە کۆمەکی، دوا جار لە خانەی دواوەی قەمەرەکەدا درێژم دەکەن. شوفێری قەمەرەکە هەردوو دەستی بە کراوەیی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت. لە خودا دەپاڕێتەوە بەسەریدا ساغ نەبمەوە. لە دڵی خۆشیدا خێرێک قەرار دەدات..

لە جێی خۆم ڕاست بوومەوە، شاری نەفرەتی خۆت بگرە هاتم. «ئاواز کچی شیرینم، با مژدەیەکی خۆشت بدەمێ!» «ئادەی باوکە گیان!» «بە بۆنەی دەرچوونتەوە بۆ پۆلی دە، گەشتێک بۆ دەڤەری سلێمانی دەکەین و سەرچاوەی زەڵم و هەورامانیش دەبینین.» «وای خودێ لەو مژدە خۆشە! جا کەی؟» «ناوەڕاستی ئەم مانگی ئابە! مۆڵەت وەردەگرم و پێکەوە دەچین.» «خودێ بتهێڵێت بۆمان بابە گیان!»

بریا ئێستا لە کونێکەوە باب و داکی خۆم دەبینی. من نازانم چییان بەسەر هات، ئەوانیش نازانن ئەمە حاڵمە. بڕوا ناکەم یەکتری ببینینەوە؟ مخابن! جا تۆ بڵێی لە ژیاندا مابن؟ ئەگەر بابم نەبووبێ بە موسڵمان مەعلووم کوشتوویانە. من زوو زوو سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕم. نازانم بۆ پێم وایە خودا هەردەم بە بەرزاییەوەیە و چاوی لێمە. وەلێ خودام نەبینی. سەدان کۆتری سپیم بینی بە ئاسمانی بان سەرمەوە بازنەیی دەفڕن.

* * *

«خاڵە کولەیب گیان بە قوربانت بم. لە دەورت گەڕێم. دڵم تەنگە. من لە دایک و باب و براکانم دابڕاوم. دەستت ماچ دەکەم، دەستم بۆ مەهێنە. خاڵە گیان نیازت پاک بێت لەگەڵم. من ئاخر... وا بزانە خوشکەزاتم. من تازە وا پێ دەنێمە تەمەنی پازدە ساڵی. خاڵە گیان حەوت جار لە دەورت گەڕێم، وەک خاڵم بمپارێزە، جا منیش دەبم بە کارەکەرت.. من پەیمانت دەدەمێ جلکت بۆ بشۆم، ماڵت بۆ پاک بکەمەوە، هەر بەو مەرجەی کچێنیم لێ نەسێنی. توو ئەڵلاکەی خۆت، پیاو بە، سەرم نەوێ مەکە. من و تۆ، گرێبەستی هاوسەرگیریمان لە نێواندا نییە. کاکە کولەیب، مەردی چاک بە، بیکە بە خاتری ئەو قورئانە پیرۆزەی کە بە بڕوات پێیەتی. بیکە بە ساقەسەری ئازیزانت. توو شەرەفی خەلیفەی موسڵمانان کە تۆ بڕوات پێیەتی و لە سایەیدا دەجەنگیت، ئابڕووم مەبە، هەموو شتێکت بۆ دەکەم.. خۆم چێشتت بۆ لێ دەنێم. شەرت بێ.. دایکم فێری چێشت لێنانی کردووم. چاییشت بۆ دەم دەکەم. جلت بۆ دەشۆرم. قاوەشت بۆ ئامادە دەکەم. من قاوەی عەرەبیش دەزانم. دەستی موبارەکت بێنە با ماچی بکەم. من دوعای خێرت بۆ دەکەم.. تکایە دەستم بۆ مەهێنە! من قوتابیم.. ئاخر چۆن دڵت دێ؟ ئەگەر ئێزیدخان تێکنەچوایە، ئەمساڵ لە پۆلی دە دەمخوێند.. بە خودێ درۆت لەگەڵدا ناکەم.. خودێ قەبووڵ ناکات. دە دەستت لابە خاڵە گ.. زۆرم پێ ناخۆشە.. دڵم بە یەکدا دێ. خەریکە دەڕشێمەوە. ژوورەکەش بە ڕشانەوە پیس دەبێ. تۆیش پیس دەبیت.. خاڵە گیان بە قوربانت بم دە گوێم لێ بگرە.. بزانە چ دەڵێم.. قاچت بێنە با ماچی کەم. لێم دوور کەوە، جا نینۆکیشت بۆ دەکەم، هەر بەو مەرجەی تۆ شەرەفم بپارێزیت.. من کیژە ئێزیدیم، شەرەفم زۆر لا پیرۆزە. دەبێ لای

تۆیش شەرەف پیرۆز بێ وا... تۆ پیاوی پیاو. شەرەفی من بە شەرەفی خۆت بزانە. باسی شەرەف دەکەم. ئەوە بۆچی لێم تێ ناگەیت... نەخێر.. نەکەی. لاچۆ. دە لاچۆ.. خۆ»

هەر لەسەر ئەم جادەیە بوو ئەوان سەریان لە دوو نام. دیسان بە هەمان جادەدا... من پێخاوس و سەر رووت، لە شارێکدا گیرساومەتەوە، ژنەکانی ڕوو داپۆشراون، ئیتر لە کێ بپرسم؟ جا کوێ لە کێ بپرسم؟ کام ناوونیشان بپرسم؟ خۆم بێ ناوونیشانم. لێرە، من وەک نابینام. لێرە کەس نامناسێ. کولەیب نەبێ. غاردەدەم و شێتانە چاو دەگێڕم. سەرنجیشم لەسەر جێیەک ناوەستێ. من بەدوای جێیەکی گونجاودا دەگەڕێم بۆ مردن. جێیەک بۆ مردن گونجاو بێت. جێیەکی بێ گێچەڵ، بە سەرکەوتوویی لێی بمرم. ڕەنگە هۆ ئەو تەلارە بەرزە، گونجاوترین بێت.

بە گوڕ هەڵدێم. لە هەردوو بەری جادەکەوە سەرنجیان لەسەرمە. سوور دەزانم ژنان بە گومانەوە بۆم دەڕوانن. پیاوانیش بە چاوی برسییەوە. ڕەنگە هەیان بێ بڵێت: «خودایە قەت زەعیفە تێکنەچێ! کە تێکچوو...» بە نێوان ئاپۆرای خەڵکدا هەڵدێم. بەنیازی ئەو تەلارە بەرزەم. ڕەنگە حەوت نهۆم، یان زیاتر بەرز بێت.. هەتا بەرزتر بێت بۆ مردن لەبارترە. یەکسەر خۆمی پێدا دەکەم و.. ڕاچڵەکیم کاتێ لە دواوە، دەنگێکی ژنانەی ناساز بە عەرەبی تێی خوڕیم:

– لە جێی خۆت بوەستە، زەعیفە!

لام لێ نەکردەوە. درم بە ئاپۆرای خەڵکەکەدا. گوێشم لە شەپە شەپی ڕاکردنی ژنانی ڕەوشتپارێزە، سەریان لەدوو ناوم. پێی پەتیم کەوتە سەر توێکڵە شووتی و خلیسکام. دوای چەند لەترێک ئەوجا خۆم گرتەوە. مەفرەزەی ژنە ڕەوشتپارێزەکان پێم ناگەنەوە.

لەو بەری جادەکەشەوە تێیان خوڕیم:

– لە جێی خۆت بوەستە هەی دەڵە شەیتانی بەرەڵلا!

پۆلیسی دەوڵەتی خەلافەت بە دەڵە شەیتان و بەرەڵلام دەزانن. زیاتر گوڕم دایە خۆم و پۆلیسی خەلافەتیش شێلگیرانە دوام کەوتوون. ئەوان بە تفەنگەوە. مەفرەزەی ژنانی ڕەوشتپارێزیش بە حەیزەرانەوە. تەقەیەک لە نزیکەوە کرا و گوللەیەک بەسەر سەرمدا گیزەی کرد. بەشێک لە خەڵکەکەش ڕەوینەوە. دۆخەکە ڕێک لە دیمەنی سەرلەدوونانی فیلمێکی خۆرئاوایی دەچێ. چارم ئەوەیە خێراتر هەڵبێم تا نەکەومە بەر دەستیان. بمگرن هەم ئازارم دەدەن، هەمیش دەمدەنەوە بە کولەیب. ئەویش وەک کەنیزەیەکی خۆی ئازادە چیم بەسەر دێنێت. ئەی گوایە ژنانی سەر ئەم جادەیە، کوێراییانە و پەڵە سوورە تۆخەکانی ئاوەڵکراسەکەم نابینن؟ من بزانم لە دۆخی وەهادا، ژنان چاویان تیژترە. وا خەریکە لە تەلارە بەرزەکە نزیک دەبمەوە. لام کردەوە هەردوو لایان تەواو لێم نزیک بوونەتەوە. ئەگەر وا بڕوات، لە دەروازەی تەلارەکەدا قیڕ دەمگرن. لەم کاتەدا، سەدان کۆتری سپی بەسەر تەلارەکەدا دەفڕین.

دیارە لە مردنیشدا بەختم نییە. دەروازەی تەلارەکە داخراوە! جەستەم نیشتووەتە سەر ئارەقەی لینج. هەناسەم توندە. زمانم خەریکە وشک دەبێت. خودێ، هەر دەبێ خۆت بگەیتە فریام. وەهام گوت و وەک ڕەشەبا هەڵاتم. دوای ماوەیەک هەستم کرد نێوانمان زۆر بووە. لێرەوە منارەیەکی بەرزم لێ دیارە. بەدەم ڕاکردنەوە سەرنجی دەدەم. دەڵێی لە دوورەوە بانگم دەکات و نەرم دەملاوێنێت. دەزانم، جێی یەک کەس هەیە بە ناویدا سەرکەوێت.. هێشتا گوڕم تێدا ماوە.. هەر بگەمە ئەوێ، سمۆرە چۆن بە درەختدا هەڵدەزنێت، منیش ئاوا بە

پلیکانەکانیدا سەردەکەوم. قەت لەوێ باشترم دەست ناکەوێت. ئۆتۆمۆبیلێکی ڕەنگ خاکی دەرکەوت. ژمارەیەک چەکداری هەڵگرتووە و واوە دێت. ترس دەخەنە دڵی خەڵکەوە. سەری خۆم دانەواند، بە خێرایی تێپەڕیم. ڕووەو منارەکە غار دەدەم.. وا خەریکە لێی نزیک دەبمەوە. لەم کاتەدا ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس کردی بە لوورە لوور. خەڵک کەنار دەگرن. منارەکە ڕێک وا لە پشت ئەم شەقامەوە کە گرتوومەتە بەر. بە گوڕ بە دەستی ڕاستدا بام دایەوە. مەعلووم کولەیب بە شوێنمدا وێڵە.. ڕەنگە لە خاڵەکانی پشکنینی دەرێی شار بۆسەیان بۆ دانابمەوە. لەوانەشە داوای لە مەفرەزەکانی ناو شاریش کردبێ بمگرن. دەشێ ژنە عەبابەسەرەکان و پۆلیسەکانی دەوڵەتی خەلافەت ئاگاداری بەسەرهاتی من بن. ئەی ئەوە نییە چۆن وێنەی سێبەرەکەم بە شوێنمەوەن و لێم نابنەوە؟ دیارە ئەمانە بە مردووییش دەسبەردارم نابن.

* * *

ئەو ڕۆژە، لە ئێزیدخان داعشەکان بە پیکابە سپییەکانیانەوە فرکوهوڕیان بوو. ناوبەناو تەقەیان دەکرد. شاریان دۆڕپێچ کردبوو. جووڵەیان لێ بڕیبوو. مخابن، ڕێ بۆ داعش تەخت بوو. ترس وەک خەنجەری دەبان تا سەر ئێسقان گەیشت و مالیجەمان نەما. داعش پێیان گوتین: «لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە، ئاڵای ڕەش لەسەر بانەکانتان هەڵکەن، هیچتان بۆ نابێت.» ئێمە ئاڵای ڕەشمان لە سەربان هەڵکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر پێنجمان لە ژوورێکدا لە یەکتری ڕادەماین. چاوەڕوان بووین، ئێستا نا تاوێکی تر لێمان وەژوورکەون. وەختێکم زانی بە توندی دەرگەی دەرەوەیان کوتا. بابم بە ڕەنگی زەردەوە ڕابوو. دە پازدە ڕیشدار ڕژانە حەوشەکەمان. هەر ئەوان پەیدا بوون ڕەنگەکان بە جارێک تۆران، من هەموو شتێکم بە ڕەش و سپی دەبینی. میلەکانی سەعاتی سەر دیوارەکەش ڕەپ ڕاوەستان. پێم وابوو دنیا ئاخر بووە و ڕۆژی پەسڵانە. ئەوان لوولەی تفەنگیان کردبووە تاقی ئاسمان و تەقەیان دەکرد، ئێمەش یەکی پڕ بە چنگێکمان مابووەوە. تفەنگیان لە شان کرد و شمشێریان کێشا. بازنەیی و بە گورگەلۆقە بەشوێن یەکدا دەخولانەوە. لەپڕ وەستان و شمشێریان بە کێلاندا کردەوە و بە تفەنگەوە بە دوای باوکمدا هاتنە ژوورەوە. باوکم ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. دایک دانەچۆقەی بوو. یەکێکیان کە دوایی زانیم کولەیب-ی ناوە، پڕی پێدا کردم. توند باڵی گرتم، ڕایکێشام، گوتی:

- ئەمەیان دەسکەگوڵی خۆمە!

منی تەپاندە پیکابێکەوە و لەم شارۆکەیە خۆم دیییەوە...

* * *

لەپێش دەروازەی واڵای مزگەتەکەدام. من تەنیا منارەکەیم مەبەستە. کۆترە شینکە بێدەنگ بەنێوان لنگی هامشۆکەرانی حەوشەی مزگەوتدا دێن و دەچن. چاوم لە دەرگەیەکی تەنگەبەرە دەمبات بۆ ناو منارەکە. دەستم دایە دەسکی دەرگە لە تەختە چێکراوەکەی. بۆم نەکرایەوە. بە هەر چوار لادا چاوم گێڕا. خاکەنازێکم بەرچاو کەوت. بە ڕاکردن بۆی چووم. خستمە سەر نەڕەی شانم و گورم بەستەوە. بە هەموو هێزم، بۆ دەسکی دەرگەی منارەکەم داهێنایەوە. نە کرایەوە. نە شکا. دووەم جار قڵیشێکی تێ کەوت. سێیەم جار هێزی خۆم کۆکردەوە و دەرگە کرایەوە. خەڵک حەپەساوانە لێیان دەڕوانیم. بە جارێک هەزاران کۆتری سپی بە ئاسمانی بان مزگەوتەکەدا دەفرین، دەنگی باڵیان نەدەهات.

– زەعیفەیەکی سەر ڕووتی پێ پەتی. یەخە دادڕاو و ئاوەڵکراس خوێناوی، دەرگەی منارەکەی شکاند!

فیلە زەلامێک وەهای گوت.

– هار بووە! ماخۆلانێتی! شێتە! شتی تریشە!

پیرەمێردێکی دەست بە گۆچان ئاوا وەڵامی دایەوە. ئەوان شاڵاویان بۆ هێنام. گوێشم لە تەپە تەپی پێی پۆلیس بوو، گەیشتنە حەوشەی مزگەوت:

– کوا؟ چی بەسەر هات؟ بۆ کوێ ڕای کرد؟

خۆم بە ناو منارەکەدا کرد. بە پلیکانەکانیدا سەرکەوتم. ئیتر کەس ناتوانێت دەست بێنێتە ڕێم. ڕێی تەنیا یەک کەس هەیە، بە ناویدا سەرکەوێت. ئەو یەک کەسەیش خۆمم. لە خوارەوە دەنگیان دێت. پلیکانەیەک، دووان، دە، یازدە، بیست و پێنج.. سی.. سی و.. گەیشتمە سەحنەی منارەکە. بە هەناسەی سوارەوە، لەم بەرزاییەوە سەرنجیان دەدەم. چاوم لە مەفرەزەی ژنانی ڕەوشتپارێزە دارەکانی دەستیان ڕادەوەشێنن. وەک بنەمۆم دەیانبینم. وەک بۆق هەموو پێکەوە دەقیرێنن. گوێم لە پۆلیسێکە، یەک بە خۆی دەشیرێنێت:

– وەرە خوارەوە، منارەکە مەلەوتێنە، هەی شێتی حەشەری. تۆ دەرچوونت نییە!

حەشاماتێک مرۆڤی ئەوقبووی ناحاڵی، بە عەردەکەوە نووساون. دەستیان کردووە بە سایە بۆ چاویان و بەرز دەڕوانن. هەزاران کۆتری سپیش بە دەوری من و منارەکەدا دەفڕن.

* * *

ئاواز، هەناسەی توند بووە. بەو حاڵەشەوە، وەک باڵندەیەکی تەرەی هێلانە لێ شێواو لە سەر شیشەکانی دەوری سەحنی منارەکە نیشتەوە و لەنگەری خۆی ڕاگرت. بەدیتنی ئەو دیمەنە سەیرە بینەران هاواریان لێ هەڵسا. بێشومار کۆتری سپی، بازنەیی بە دەوری خۆی و منارەکەدا دەفڕین و ورشەی باڵیان دەهات.

ئاواز وەک تاوسێک باڵەکانی کردەوە. بەوەندەی هێز لە جەستەیدا مابوو خۆی هەڵدا. گورزەیەک تیشکی خۆریش، ئاوی چاوی دەبرد وەختێ دەیدا لە تاڵە شێواوەکانی پرچی. سروەبایەکی فێنکیش وەک ئاڵای مرۆڤە یاخییەکان کراسە دڕاوەکەی ڕادەشەکاند. ئاواز، بوو بە تاوسێکی ڕەنگین بە ئاسمانەوە. ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆر لە دەوری جەستەی سەمایان دەکرد. کۆترە سپییەکان، نە یەکێک نە سەد، هورووژمیان بۆ هێنا و شوێنی کەوتن. دەنووکیان لە کراسی دڕاو و ئاوەڵکراسی خوێناویی ئاواز گیر دەکرد و بەرزیان دەکردەوە. ئەویش، ڕۆحسووک وەک بای شەماڵ، بەرەو ئاسمانی ساماڵ هەڵدەکشا. پۆلیسەکانی دەوڵەتی خەلافەتیش لوولەی تفەنگەکانیان تێ کردبوو، لێ ئەوان چەند دەکۆشان میلیان بۆ نەدەهاتەوە. تفەنگەکانیان نووقابوون.

ژنە ڕەوشتپارێزەکانیش چەندیان کرد و کۆشا دەنگیان دەرنەهات. ئاوازیش بە تاقی ئاسمانەوە ئەوانی وەک دەنکە زەنگیانەی ڕژاو دەبینی. لەو چرکەساتەوە کە ئاوازی تێدا حەوا کەوت، حەرام زیندەوەرێک دەنگی لێوە نەهات. لەو بەرزاییەوە، ئاواز، شارۆکەکەی وەک پەڵەیەکی ڕەش بە گۆی زەوییەوە دەبینی. خەڵکە ئاساییەکەیش سەریان لەم پەرجووە سوڕ مابوو. ئاواز نەگەڕایەوە سەر زەوی. ئەو بەسەر باڵی سپیی کۆترەکانەوە، وەک خەیاڵ بۆ بەرزایی ئاسمان هەڵدەکشا.

کۆبنهاون

٢٠٢٤/٨/٣٠